کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
3-6-2007 17:57 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بیانناسن ئەوانەی لەکوێوە با بی شەنی خۆیان دەکەن ... ووریا

لەکوردستانی ئەمرۆماندا بەڕەوشی هەموو شتی تێکەڵاوی هەموو شتی بووە کە بەڕاستی ڕەش و سپی باش و خراپ تێکۆشەر و خائن تێکەڵاو بووە.. لەسەرەتای هەشتاکاندا و ئەو کاتەی کۆمەڵە خۆی بەخاوەنی ڕەش و ڕووت و چەوساوەکان دەزانی.. لەناوشاردا 99% ی چالاکییەکانی بۆ کوشتنی ئەو کوردانە بوو کەگوایا لەڕیزی نیشتیمانی دا نین.. ئەوەی سەرباز و جەیشی شەعبی و نیقابی بوایە پرس و فەتوای سەرکردایەتی کۆمەڵەی نەدەویست و کوشتنیان حەڵاڵ بوو.. بەم جۆرەش شاڵاوێکی بەربڵاوی جەور و ستەم و قەتل و عامی خەڵك لەو ڕۆژانەدا ئەنجام درا زۆر جار کووشتنەکان دەچووە خانەی پڕبەپڕی تەسیفییەیی حساباتی شەخسی و ململانێی تایبەتی.. دواتریش بەڕەوتێکی زۆر خراپ بەسەر یەکێتی و کۆمەڵەدا شکایەوە و تائیستاش ئەو کردارە چەپەڵانە پەڵەیەکی ڕەشە لەمێژووی پڕ خوێنی کۆمەڵەدا.. ئەمڕۆ دوای زیاتر لەشانزە ساڵ لەڕاپەڕین و حوکمی خۆماڵی گۆڕنکارییەکان بەپلەی 180 پلە نیە و زۆر شت جێگای تەواوی تیاڕامان و گومانی تەواوە.. بەڵی دوای ئەوەی بەبەڵگەی گومانبڕەوە ئاشکرا بوو کەلایەکی بەرپرسە مەزنەکانی کۆمەڵە و یەکێتی سیخوڕو خاوەن فایلی ڕژێم بوون، کەس بە شەرمیشەوە پێی نەوتن پشتی چاوتان برۆیە و تەنانەت لەمەهزلەکەی دوا پلینۆمدا بەچەپڵەڕێزان لەو سیخوڕانە خۆش بوون پێش ئەوەی بزانن زانیارییەکانی کەبۆ دەزگا موخابەراتییەکانیان ناردووە ملی چەند کوڕی گەنجی خوێن گەرمی لەڕێخراوەکانی ناوشاردا کردووە بەپەتا و چەندی تریشی بێسەروشوێن کردووە.. بەڵی ڕژێمی سەدام هێندە گێل نەبوو تەنها لەبەر بەژن و باڵا و دەست و خەت خۆشی تەقریرەنهێنیەکان خەڵك بکات بەسیخوڕی خۆی.. کردنەوەی فایل نرخەکەی زۆر قورس بوو، ئەبوو مل شکاندن و بەئیعدام کردنی خەڵکی تیا بێت.. چونکە ئەمە بنەما سەرەکییەکانی مامەڵەکردن بوو لەگەڵ دەستگایەکی ئەمنی و موخابەراتیدا، لەهەمووشی سەیر تر ئەو بەرپرسانەیە کەتادوا هەناسەی ڕژێم نوکەری بوون و بەدڵسۆزی لەحزمەتیدا بوون و کەچی ئیستا لەسایەیی ئەم گەندەڵستانەدا بەدوو سی پرسگەش نایانگەیتی.. هەموو کەس دەزانی هەر کەس لەکاتی ڕژێمی لەوناوچوودا ئەگەر فەرمانبەرێکی سادەش بوایە و برایەکی پێشمەرگە بوایە، نەك هەر بەتەنها دەریان دەکرد لە کارەکەی بەڵکە وونیشیان دەکرد و زۆرجاریش ماڵەکەشیان خاپوور دەکرد.. کەچی کەسیش هەبوو لەوێنەی کاك دلێری ئەحمەد مەجید براکەی لای یەکێتی بەرپرسی گەورە بوو و خۆشی تاکو پرۆسەی ئازادی عیراق لە 2003 دا مدیر عام بوو لەوەزارەتی سناعەی بغداد کەئەم پۆستە ئاستەم بوو کەدەست زۆرێك لەتکریتی و عۆجەیەکانیش بکەوێت لەو دۆخە ئاڵۆزەدا لەدوای ڕاپەڕین کەڕژێم هەموو، ئیستا بێگومان کاکە دلێر دەڵی پەیوەندی ژێربەژێرم هەبووە لەگەڵ براکەم و براکەشی بە بیست پەنجە بۆی مۆر دەکات.. ئەگەر ئەمەش گریمان ڕاست بێت، ئەی گوایا ڕژێمێکی موخابەراتی بەهێزی وەك ڕژێمی بەغداد نازانێت خۆی ووتەنی کەکاکە دلێر براکەی موخەربە!! بەڵی ئیستا کاکە دلێر معاون مدیر عامی ئاسایشی سلێمانیە بەپلەی لیوا و یەك چرکە لەخزمەتەکانی لای بەعسی بە زایع نەچووە ئەمە لەکاتێکدا پێشمەرگەیەکی شۆڕەسوار و قارەمانی وەك عەریف بەکر کەبەڕاستی جەربەزەو تێکۆشەرێکی دێرینە تازە بەتازە لەدارەدارەی پلەی سەربازیدایە لەئاسایشی سلێمانی.. جێگری فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی پێشووی یەکێتی فەریق کمال موفتی کەبەپلە بەخشینەوەکانی بەڕاست و چەپدا فەرماندەی گشتی کردبووە جەیشەکەی محمد عاگوڵ، بەڵی ئیستاش عەقید و عەمید هەیە کە کمال مفتی کردونی بەئەفسەر جلی سەربازی بەکڵاشی دۆمییەوە لەبەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەکەن و کۆتربازن.. ئەم کمال مفتیە پێش حەفتاکانی لی دەرچێت کەماوەیەك لەپارتی شۆڕشگێڕی ئەو کاتدا بووە لەگەڵ مام جلال ئیتر لەژیانیدا پێشمەرگایەتی نەکردووە.. سەیریش ئەوەیە لەکاتێکدا هەموو کورد پەیوەندی بەشۆڕشەوە کرد لە 1974 دا ئەم پیاوە خزمەتی بەعسی بەجێنەهێشت و لەسەرەتای هەشتاکاندا کەپلەی لیوا بوو سەرۆکی دادگای سەربازی کەرکوك بوو.. دواتریش کە خانەنشین کرا لەبغداد دادەنیشت و دوای ڕاپەڕین هاتەوە سلێمانی.. شایەنی ووتنە پورزایەکی ئەم کمال مفتیە بەناوی لیوا عبدالعزیز مفتی تاکو ڕۆژی 2003/4/9 لەگەڵ برازایەکیدا کەئەفسەر بوو لەهێزی ئاسمانی لەخزمەتی ڕژێمدا بوون و دوای ڕوخانی ڕژێمیش عزیز کرا بەفەرماندەی فرقە و هەڵگوردیش بەرپرسێکی گەورەی فڕۆکەخانەی سلێمانیە، بێگومان ئەمانە هەمووی بەهۆی ئەوەی کە خزمی جەنابی کمال مفتین.. لای پارتیش بەهەمان ڕەوت کەم و کورتی لەم شێوەیە هەیە.. لەوانەیە خەڵکی باوەڕ نەکات کە کۆنە ئەفسەرێکی پایە بڵندی حەرەس جمهوری کەتا ڕاپەڕین لەخزمەتی بەعسدا بووە و لەشاڵاوەکانی ئەنفالدا هاوکار و چاو ساغی هێزەکانی بەعس بووە بۆ خاپوور کردنی دێهاتەکان و بێسەروشوێن کردنی دانیشتوانەکەی لەجیاتی ئیستا لەتەنیشت سوڵتان هاشم و سابیر دوری و عەلی حەسەن مەجید لەقەفەزی تاوانباریدا لەدادگا دابنیشێت ئیستا بەپلەی لیوا لەدەزگایەکی هەستیاری پارتیدا کاردەکات ئەویش (ووشیار ابراهیم محی الدین) ە.. ئەمانە و زۆر شتی سەیر و سەمەراوی تر کەبەڕاستی جێی گاڵتەجاڕی و ناڕەزامەندی هەموو وورد و درشتێکە.. هەرچەندە زۆرێك لەگەندەڵەکان هەزار قسەی لەم جۆرەیان بۆ بکەیت و ئاوا بەبەڵگەوە بیخەیتە بەردەستیان، لای ئەوان کە مەبەستیان نیە ئەمانە بەیتەو بۆ گوونی بلە دەکرێت. ئەگەریش مەبەستیان بێت هەزار و یەك هۆت بۆ دەدۆزنەوە تاکو کێچێکت لی بکەن بەگایەك..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.